هەرێم جاف

## تەنها سەربەخۆیی کوردستان، برینی هەڵەبجە سارێژ دەکات
## دەبا کوردستان ئازاد بێت، تا برینی هەڵەبجە سارێژبێت

لە دوای هەڵەبجە، دەبێت تەنها گوێ لەخۆمان بگرین و باوەش بەخاکی نیشتمان دا بکەین. زۆریان لێکوشتین و ئەتکیان کردین، بە مەبەستی درێژەپێدان بە داگیرکردنی کوردستان.

دەقی ئەنفالیان بەسەردا تاقیکردینەوە، کەچی هیچ وڵاتێک،لەشکری بۆ پاراستنمان کێش نەکرد و هیچ توندڕەوێکی ئاینی فتوای بۆ پاراستنمان دەرنەکرد.

ئێمە،کاتێک بە مێژووی ئازاری منداڵانی بەگاز خنکێندراو،ژن و پیاوی کوژراوی نیشتمانی سوتماککراودا دەچینەوە، ئیتر لە زۆر شت بە گومانین و کەس بە دادوەر پەسەند ناکەین. لەو کاتەوە، ئیدی لە دڵی بێگەردی کوردبوونەوە دەڕوانینە خوا. لەو ڕۆژەوە هەڵەبجە و ئەنفال دەکەینە چاوی نیشتمان و هەر لەو دیدەنمایەشەوە لەگەڵ یەزدان دا دەدوێین.

کوێ هەیە ؟ کێ هەیە؟ هەواڵی ئەم ئازارەی بۆ نەڕۆشتبێت و خۆی پێ نەناساندبێت. بەڵام بێئاکام، بێ ئارام ، لەدوای ئەم ژانی خوێن و خاک و نیشمانە، هێشتا ئازارەکان، ئەتکەکان، بە ڕووداویی لەبیرچوو و بەسەرچوو لەقەڵام دەدرێن.

www.kurdistannet.org

هەڵەبجە، ئەگەر خوشکی کەرکوک، مهاباد، ئامێد و قامیشلو نەبوایە، ئاوا بێ بەزەییانە و بە ئاشکرا گڕی تێبەر نەدەدرا. هەڵەبجە، ئەگەر کوردستان نەبایە، کوردان ئەگەر کوردستانی نەبوونایە، هەڵەبجەیان بەسەردا نەدەهات.

ئەوەی بەعس کردی، وەفا بوو بۆ عروبە،ئەوەی عەفلەقییەکانی سوریا دەیکەن هەر وەفایە بۆ عروبە، ئەوەی کەمالیزم لە سەری سورە، گڵاوە بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهانە، ئەوەی ئاخوندەکانیش باوەڕیان پێی نییە عاشورایە، عاشورای کورد.

ئەی ئەوە نەبوو لەگەڵ پسانی بەعسا، کەرکوک ویستی دەست لەملی هەڵەبجە بکا و جەژنی سەرکەوتن بگێڕێت. ئەی ئەوە نەبوو لە هەرەسی "جەهلا" "مقتدر صدر" و ئایەتوڵڵاکان لە ڕقان، شمشیری "جەهالەتیان" لە کەرکوک هەڵکێشا و کوردیان کردە دوژمنی خوا. ئەوە نەبوو هەر بە ئاشبەتاڵی شەرواڵ پیسەکانی بەعس، ئیمامەکانی ئالی سعود هەڕەشەی ئازادبونیان لێکردین. ئەوە نەبوو هەر کە تۆسقاڵێک لە ئاهی کورد هاتەدی، ئیدی بەلەسەکانی ئوسامە بۆ چێژی پەریەکانی بەهەشت خوێنی سەدانیان پژاندین.
لە ئاسمانی شەوی مەرگی هەڵەبجەدا، تەنها خوایەک بە ئاسمانی کوردستانەوە هەست پێدەکرێت و بەس، ئەویش یەزدانێکە و بە کوردی، زۆر بە ووردی، تۆماری ئەم ژانە ڕاستەقینەیە، لە پەرتوکێکی نوێدا بۆ مرۆڤایەتی دەنوسێتەوە.

www.kurdistanet.org